## بەربەرەکانی نێوان چاکە و خراپە

لە پەرەستشی چەند خوداییەوە نەتەنیا ئایینی یەکتا پەرەستی لێ دروست بوو، بەڵکوو پەرەستشی دوو خودایێشی پێکهێنا: خودای باش و چاك لە بەرابەر خودای تووڕە و خراپ. بە پێچەوانەی ئایینی یەکتا پەرەستی کە هەموو کارێکی باش و خراپ دەخسترێتە سەر شانی خودایەکی تەنیا، لە ئایینی دوو خوداییدا کاری خراپ و کاری باش بە سەر دوو خودای جیاوازدا دابەشدەکرێ. لە ئایینی دوو خوداییدا مەیدانێکی شەڕ لە نێوان هێزی چاکە و خراپە پێکهێنراوە کە بەردەوام ئەو دوو هێزە دژ بە یەکتر بەربەرەکانی دەکەن و هەموو ڕووداوەکانی سەر ئەم هەردەش پێکهاتەی ئەو دوو خودایەن.

ئایینی دوو خودایی بۆچونێکی تایبەتییە کە لەوێدا چۆنیەتی پێکهاتنی تووڕیی و کاری ناشیرین لەسەر ئەم جیهانە کە بۆ مرۆڤ پرسیارێکی سەرەکییە، ڕوون دەکرێتەوە. بۆچی تووڕەیی لە سەر ئەم دنیایە بوونی هەیە؟ بۆچی ڕەنج کێشان و بەدشانسی بوونی هەیە؟ بۆچی تەنانەت مرۆڤی باشیش ڕەنج دەکێشن؟ یەکتا پەرەستی بە پێچەوانەی دوو خودایی زۆر چەتوون دەتوانن ڕوونی بکاتەوە کە چلۆن خودایەکی بەهێز و بە توانا و ڕەحیم دەتوانێ ئیزنی ئەو هەموو ڕەنج و کاولکارییە بۆ مرۆڤ بدا.

یەك لە ڕوونکردنەوەکانی باوەڕی یەکتا پەرەستی ئەوەیە کە ئەگەر چاکە و خراپە بوونی نەبایە مرۆڤ نەیدەتوانی لە نێوان ئەو دووانە دا یەکیان هەڵبژێرێ و بەو هۆیەشەوە ویستی ئازاد بوونی نەدەبوو! ئەو وەڵامە چەندین پرسیاریتری بەدوادادێ. ویستی ئازاد دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ڕێگای ناحەز و تووڕەیی! تەنانەت مرۆڤێکی زۆر هەن کە ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرن و لە لایەن خوداکەیانەوە زۆر بە توندی تاوان دەدرێن. بەڵام ئەگەر خودای زانا پێشتر دەیزانێ کام یەك لەو مرۆڤانە لە ویستی ئازادی خۆیان کەڵك وەردەگرن و ڕێگا هەڵەکە هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە جەهەنەمدا بسووتێندرێن، ئەدی بۆچی خوڵقاندوونی؟ زانایانی ئایینی پەرتووکی ئەستوریان لەسەر وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە نووسیوە. وەڵامەکەیان هەرچی بێ، ئەو شتە ڕوونە کە کێشەیەکی مەزنیان لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو کێشەیە هەیە.

بۆ باوەڕمەندانی دوو خودایی ئەو کێشەیە جێی پرسیار نییە. تەنانەت مرۆڤی باشیش دەتوانێ ڕێگای هەڵە بگرێتە پێش، چونکە خودای بەهێز و بەتوانای خراپەش هەیە. لێرەدا هێزێکی سەربەخۆی تووڕە بوونی هەیە کە ئاساییە تەنیا هەوڵی بەڕێوەبردنی کاری تووڕە و هەڵە دەدا. ئەو ڕوونکردنەوەیە وەها ساکار و جێی باوەڕە کە تەنانەت یەکتا پەرەستەکانیش دەستی بۆ درێژ دەکەن. زۆر مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان هەن کە باوەڕیان بە هێزێکی سەربەخۆی کاری تووڕە هەیە کە بەردەوام دژ

به خودای چاکه له بەربەرەکانیدایه و سەرچاوەی پێکهێنانی کاری خراپ لەسەر ئەم هەردەیه. زۆر مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان لەسەر ئەو بڕوایەش هەن کە خودای بەهێز و توانا له بەربەرەکانی دژ به شەیتان پێویستی به یارمەتی ئێمەی مرۆڤ هەیه. بەڵام چلۆن مرۆڤی ئایینە یەکتا پەرەستییەکان دەتوانن باوەڕیان به بوونی دوو هێزی چاکه و خراپه هەبێ؟ یا دەبێ باوەڕیان به خودایەکی بەتوانای تەنیا هەبێ، یا ئەگەر دوو هێزی خراپه و چاکه جیاکەنەوە و به دوو سەرچاوەیەوە بلکێنن، نابێ باوەڕیان به یەکتا پەرەستی هەبێ! لێرەدا بازنەیەکی شەیتانی پێکدێ که دەرچوونیان لێی زۆر چەتوونه. بەڵام مرۆڤ لێهاتووییەکی هەیه که دەتوانێ لەگەڵ دوو تەوری دژ بەیەك که به تەواوی بەراوەژووی یەکترن، ژیان بکا. هەر بۆیەش ملیۆنان مرۆڤی مەسیحی، یەهوودی و موسوڵمان لەگەڵ ئەویدا باوەڕیان به خودایەکی تەنیا و به توانا و رەحیم هەیه، شەیتانێکیشیان له پەنایدا خوڵقاندووه، بۆ ئەوەی رەحیم بوونی خودا نەکەوێته ژێر پرسیارەوه.

سرووشتییه باوەڕی دوو خودایش خاڵی نەرێنی خۆی هەیه. ڕەنگه وەڵامێکی باشیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری خراپ بەدەستەوە بێ، بەڵام هیچ وەڵامێکیان بۆ بەڕێوەبردن و دامەزرانی ڕێك و پێکی پێ نییه. ئەگەر دوو هێزی جیاوازی چاکه و خراپه بوونیان هەبێ که بەردەوام له شەڕ و بەربەرەکانی یەکتردا بن، کێ بڕیاری دانانی یاسای نێوان ئەو دووە دەدا؟ کاتێ دوو وڵات دژ به یەکتر دەجووڵێنەوە، دەتوانن لەگەڵ یەکتر بەشەڕ بێن چونکه کات و زەمان بوونی هەیه و هەردووکیان لەژێر کارتێکەری یاسای فیزیکیدان. ڕاکێتێك که له پاکستانەوە ئاور دەدرێ، دەتوانێ بەشێك له وڵاتی هیندوستان کاول بکا، چونکه له هەردووك وڵاتەکان یاسای فیزیکی وەك یەك هەن. بەڵام کاتێ "تووڕە" و "چاکه" دژ به یەکتر بەشەڕ بێن، لەژێر کارتێکەری کام یاسادا ئەو کاره پێك دێ و کێ ئەو یاسایانەی داناوە؟

باوەڕدارانی دوو خودایی دەتوانن پرسیاری تووڕە بوون و کاری خراپه ڕوون کەنەوە بەڵام له هەنبەر پرسیاری ڕێکوپێکیدا هیچ وەڵامێکیان نییه. به پێچەوانه یەکتا پەرەستی پرسیاری ڕێکوپێکی وەڵام دەدەنەوە و له هەنبەر پرسیاری کاری تووڕەدا بێ وەڵامن. لێرەدا تەنیا وەڵامێکی لۆژیکی که مرۆڤ بۆ ئەو کێشەیەی دەدۆزێتەوە دەتوانی ئاوا بێ: "دەبێ تاقه خودایەکی تەنیا بوونی هەبێ که به پتوونی ئونیوێرسامی پێك هێناوە بەڵام خودایەکی تووڕەشه."

باوەڕی دوو خودایی سەدان ساڵ لەسەر ئەم هەردە لێره و لەوێ درێژەی بووه، هەتا 3500 تا 3000 ساڵ بەر لەئێستا کەسێک به ناوی زەردوشت له ئاسیای ناوەڕاست هاتۆته سەر دنیا و پەرستشی دوو خودایی لەسەر زەوی به شێوەی ئایین بڵاو کردۆتەوە و وەك ئایینێکی فەرمی پەرەی سەندووه و لایەنگرێکی زۆریشی له دەور کۆبۆتەوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

باوەڕپێکراوانی ئەو ئایینە جیهانیان بە شەڕێك لە نێوان "ئەهوورامەزدا" خودای چاکە و "ئانگرا مانیۆ" خودای خراپە زانیوە. ئەرکی مرۆڤ لێرەدا پشتیوانیکردن لە خودای چاکە بووە. ئایینی زەردوشت ئایینی ناوەندیی ئیمپراتۆری ئێرانییەکان بووە لە نێوان ساڵەکانی 550 تا 350ی پێش زایین و دواتریش لە ساڵەکانی 224 تا 651 وەك ئایینی فەرمی وڵاتەکە بەڕێوە چووە. ئەو ئایینە نوێیە کارتێکەریی لەسەر هەموو ئایینەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوەڕاستی ئاسیای داهێناوە و جێی هەموو ئایین و باوەڕەکانی ناوچەی گرتوتەوە.

هاوکات لەگەڵ سەدەی سێ و چواری زایینی، ئایینی مانی وەك ئاگرێك هەموو ناوچەکان لە وڵاتی چینەوە هەتا باکووری ئەفریقای گرتەوە. بۆ ماوەیەك مرۆڤ پێیوابوو کە ئەو ئایینە دەتوانێ بەجێی مەسیحییەت ببێ بە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆم. بەدوای هێرشی عەرەبەکان بۆ ئەو ناوچانە هەم مانی و هەم ئایینی زەردوشتی لە لایەن موسوڵمانە عەرەبەکانەوە تیونا کران. تا ئەمڕۆش لێرەو لەوێ تاقمێك لە لایەنگرانی ئەو ئایینانە دوو خوداییانە هەر ماونەتەوە و بۆ ئایینەکەیان چالاکی دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئایینی تەك خودایی یاسای ئەو ئایینانەیان بە تەواوی لە ناو نەبرد و چەند لە یاساکان و بۆچوون و داب و نەریتەکانیان بۆ خۆیان ڕاگرت. بۆ وێنە لە ئایینی ئیبراهمیەکاندا شەیتان وەك هێزی تووڕە، بوونی هەیە کە بە یارمەتی مرۆڤ دەکرێ چالاکییەکانی پووچەڵ بکرێننەوە. یا جیاکردنەوەی ڕۆح و لەش و ماکە کە ئیدەی ئایینی دوو خودایی بوون.

وێدەچێ ئایینی ئیبراهیمی تێکەڵاوییەك بێ لە ئایین، داب و نەریت، هەڵس و کەوت و بۆچوونی مرۆڤەکانی پێش خۆی کە بەردەوام هەوڵی دروستکردنی خوڵقێنەرێك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیهانەیان داوە.

درێژەی هەیە...